# دوای یەکگرتنەوە.. پرسیارو بەرپرسیارێتییەکان... عەبدولخالق ئیبراهیم

بەداخەوە یەکێك لەو زەماناتانەی کە پێویستە لەو سیاسەتەدا باسی لێوە بکەین لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی و کۆمەڵگەی سیاسیدا پاسیڤەو بووەتە قوربانی ستراتیژیەتی مانەوەی حیزب و پارێزگاری لە ناوو مێژوویەك ئەگەر لەسەر حسابی جەوهەربوونێکی ڕاستەقینەش بێت.
ئەگەر فرەیی سیاسی و حیزبی لە کوردستان بەشێکە لە حاڵەتی سیاسی و گوزارشتە لە رووە گەش و تەندروست و ئیجابییەکەی، وەلێ کاتێ دێینە سەر باسکردنی ڕۆڵ و کاریگەری ئەو فرەییەو بە تایبەتیش کە ئێمە زیاتر لە دەیەیەکە حکومەتداری دەکەین و دەکرا لەو ساتەوە کلتورێك کەڵەکە بکەین بەسەر یەکترەوە سەبارەت بە بوونی بەرەیەکی بەهێزی بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، یان لایەنێکی سیاسی ئەو ڕۆڵە لە ژیانی سیاسیدا ببینێ.
نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی کاراو خودان کاریگەری لەبەرامبەر کاروبارەکانی حکومەت و ڕێگەگرتن لە هەر قۆرخکردن و گەندەڵییەك، پلۆرالیزمی سیاسی و فرە حیزبی دەخاتە ژێر پرسیارو دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی گەورە، ئەویش پاساوی بوونی دەیان حیزبی کوردی لەدەرەوەی دەسەڵات چییە ئەگەر لە بازنەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و گوتارو میدیاو چالاکیەکانی هەرچەند لاوازو سنوردارییش بن تەوزیف ناکات،
لە میسر حیزبی نیشتمانی دەستی گرتووە بە سەر دەسەڵاتداو شێوەیەك لە شێوەکانی سیستەمی تۆتالیتاری پەیرەو دەکات، بەڵام ژمارەیەك حیزب و کۆمەڵەی سیاسی هەن لەگەڵ سنورداریی تواناکانیان لەسەر هەموو بارێکی حکومەت و حیزبی نیشتمانی قسە دەکەن و ڕۆڵو و کاریگەرییان هەیە بەسەر شەقامی میسری و ڕای گشتیدا، ئەگەر چی لەلایەن دەسەڵاتەوە گوێیان بۆ ناگیرێ، بەڵام لە ڕوانگەی وەزیفەی ئەخلاقی و سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەو لایەنانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە بەرپرسیارێتیی خۆیان گەشتوون، بە پێچەوانەی حیزبە کوردییەکانی دەرەوەی دەسەڵات، کە زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین بوونەتە بوکە شوشەی سەر گۆڕەپانی سیاسی و پینەکردن و ئارایشکردنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە کوردستان، تەنها لەیەك حاڵەتدا چاوەڕێ دەکرێ بێتە قسەو دەرکردنی بەیاننامەیەکی نارەزایی، ئەویش لە کاتی بێبەشکردنیان لە پۆست و غەنیمەتەکانی حکومەت و پەرلەمان.
خۆ ئەگەر حیزبێکیش جورئەتی ئەوە بکات ڕەخنە بگرێ و لەئاست ئەرك و وەزیفەکانی خۆی جوڵە بکات، ئەوا هەموو ئەگەرێك کراوەیە بە ڕووی ئەو حیزبەدا لە پەراوێزخستن و شێواندنی سومعەو لادان و وشککردنی!!! مێژووی حیزبی کوردی و بزوتنەوەی چەکداریشمان پڕیەتی لە کودەتای حیزبی بەسەر ئەویترو خنجەر وەشاندن لە پشتەوە!!!
یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە هەموو حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی گەورەوە، لە پێش هەموشیانەوە یەکگرتووی ئیسلامی کە بە گوێرەی دەرهاوێشتەکانی دوای یەکگرتنەوە ڕەفتار بکەن و هێندە مەیلی بەشداری لە حکومەت و پینەکردنی حکومەتی پەنجا بە پەنجای یەکێتی و پارتی نەبێت، بە قەدەر ئەوەی کەلە دەرەوەی دەسەڵات و لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بەهێزدا

نوێنەرایەتی خواست و خۆزگەی خەڵکی کوردستان بکات و بێ موجامەلەو شەرم و ترس دەست لە لایەنە نیگەتیزەکانی حکومەتی ئاینده دابنێ و چاودێرێکی دیکە بێت بە سەریەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی وەك هێزی سێیەم و جەماوەرێکی بەرفراوانیش لە پێشەوەیەتی بۆ میسداقیەتدان بە دروشمەکانی لە هەڵبژاردنی (١٥-١٢) مانەوەی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن تەنها ڕێگەیەکە لە بەردەمیدا و لە هەمان کاتیشدا بریتییە لەو ئەرکە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەی لە ئەستۆیدایەو هیچ پاساوێك نییە بۆ ڕاکردن لەو ئەرکەو بە پاساوی ناواقیعی و لاستیکی بەشداری لە حکومەت و غەنیمەتەکان بکات، دووریش نییە لە حاڵەتی بەشداریکردنی لەو حکومەتەدا متمانەی زۆرێك لەوانە لەدەست بدات کەلە (١٥-١٢) دەنگیان پێدا، کە من وای دەبینم دەنگدان بە هەڵوێستی یەکگرتوو دژ بە گەندەڵییە نەك بە خودی یەکگرتوو.

دەمویست لێرەدا باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا شتێکمان نییە لە جەوهەرو میکانیزمەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بن و کوردستان و کۆمەڵگەی کوردیش زۆری ماوە ببێ بە کۆمەڵگای مەدەنی، پێم وایە دەبێ هەر بە عیبارەی (پێویست دەکات) و (واباشە) باسی لە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی ئەو ڕێکخراوانە بکەین، کە بڕوا ناکەم بە هۆی هەژموونی حیزبی و ئایدۆلۆژی بەسریانەوە، هیچکامیان پاڵێوراو بن و بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە، بۆیە لێرەوە دەستی لێ هەڵدەگرین.